# گرووپی نالی و ڕەسەنایەتی



فەرهەنگ غەفوور

لە کوردستاندا هونەری موزیك و گۆرانی مێژوویەکی دووریان هەیە، هەر لە تەکیە و خانەقاکانەوە بگرە کە بە ئامێری دەف و گوتنی سروودی ئایینی و پەسن و سەنا، تا ناو کێڵگە و پاوانەکان، کە جووتیار و شوانکارەی کورد بە شمشاڵ و دووزەلە و دواتریش خەڵکی بەهرەمەند و ئارەزوومەندی بوارەکە، لەگەڵ شەماڵی سەران و شنەبای سافی دەشتودەر دەستیان بۆ ئامێرەکانی دیکەی وەك تەمبوور و عوود بردووە و تێکەڵی ئاواز و دەنگی ڕەسەنی دەنگبێژە میللییەکانیان کردووە، بەمەش بناخەیەکی پتەوی ڕەسەن و خۆماڵییانەیان بۆ ئەو هونەر دارشتووە.

قۆناغ دوای قۆناغ هونەرمەند و گرووپی میللی و ئەکادیمی دەرکەوتن و تا ئەمڕۆش هەر لە زیادبووندان. یەکێك لەو تیپە هونەرییانە کە لە ساڵی ١٩٩٨ لە شاری هەولێر دامەزرا، (گرووپی موزیکی نالی) بوو، کە بە میلیدۆی کوردانە و ڕەسەنایەتی کار و بەرهەمی ناوازەیان لە بواری موزیك و گۆرانیدا پێشکەش کرد، ئەم گرووپە وێڕای بەشداریکردنیان لە چەندین بۆنە و فیستیڤاڵ و چالاکیی هونەری لە ناوەخۆ و دەرەوەی کوردستان تا ساڵی ٢٠١٢ دوو ئەلبوومی موزیك و گۆرانیی تایبەت بە خۆیان بەرهەم هێنا. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٢ و بەهۆی قەیرانی ئابووری و ئەو دۆخە ناهەموارەی لە ئەنجامی گەمارۆی ئابووریی عێراق بەسەر کوردستان و شەڕی تیرۆریستانی داعشدا بەسەر کوردستاندا هات، ئەو گرووپە هونەرییە وەك زۆر پرۆژەی دیکە لە کارکردن وەستان.

وا ئێستا و دوای حەوت ساڵ وەستان و دابڕان، بۆ جارێکی دیکە و بە گوڕوتین و توانایەکی دیکە و بە هەناسەیەکی تازەوە، لە وەرزێکی نوێی کارەوە هاتوونەتەوە مەیدان و ئەو هەنگاوەی بیست و یەك ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دەستیان پێکرد و بەر لە حەوت ساڵ تیایدا پشوویان دا، درێژەی پێ دەدەن و لەسەر هەمان ڕێچکە و ڕێبازی ڕەسەنایەتیی هونەری کوردی هەنگاو هەڵدەگرنەوە. ئێمە بەم هەنگاو و هەوڵوێستە نوێیەی گرووپی نالی دڵخۆش و ئاسوودەین و دڵنیاشین ئەم




هاتنەوەیــان تەکانێکــی باشــتر بــە بەرهــەم و چالاکییەکانیــان دەدات و لــەلای خۆشــمانەوە هیــچ درێغییــەك لــە هــاوکاری و پاڵپشــتییان ناکەیـن. ئومێدیـش دەکەیـن هەمـوو ئـەو پڕۆژە هونـەری و کولتوورییانـەی کـە بـە هـۆکاری جیاجیاوە وچانیـان دا و راوەسـتان، دیسـان بێنـەوە مەیـدان و توانـا و بەرهەکانیـان لـە خزمـەت کولتـوور و هونـەری رەسـەنی کوردیدا درێژە پێ بـدەن و سـیمایەکی جوانتـر بەهونـەر ببەخشـن، چونکـە هەمـوو ئەمانـە، هـەر هونەرمەنـد و هـەر گرووپێك، تـاك تـاك و دەستەجەمع، کار و بەرهەمیـان، بەتایبـەت کـە بـە چوارچێوەیەکی رەسـەنی کوردەوارییـەوە سـەرچاوەیان گرتبـێ، لـە خزمـەت تێکـڕای هونـەر و کولتـووری گەلەکەماندایـە و دووبارەشـی دەکەمـەوە، ئێمـە لە وەزارەتـی رۆشـنبیری و لاوان و بەتایبـەت لە بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی رۆشـنبیری و هونەری هەولێـر، دەبینـە چەتـری هەمـوان و ئەوەنـدەی لـە توانماندابێـت هـاوکار و پشـتیوانیان دەبیـن. بەخێـر بێیـەوە (نالـی) بـۆ نـاو دونیـای جوانیـی هونـەر و موزیـك، بەخێـر بێیـەوە بـۆ وەرزی نوێـی کار و بەخشـش.







# شارۆن دەدرێتە دادگا

ئافرەتێك كە لە ماڵی شارۆن ستۆنی ئەستێرەی سینەمایی ئەمریكی كاری دەكرد، سكاڵایەكی دژی شارۆن بەرز كردەوە و بەوە تاوانباری كرد، كە هەمیشە بە شێت بانگی كردووە، هەروەها لە ماڵی خۆی دەریكردووە.

ماڵپەڕی (تی ئێم زێد)ی ئەمریكیش لەم بارەیەوە رایگەیاند: ئەنجیلیكا كاستیلا كە لە ماڵی شارۆن كاری دەكرد، سكاڵایەكی پێشكەش بە دادگا كردووە و تێیدا ئاشكرای كردووە كە شارۆن ستۆن منی لە ماڵەكەی خۆی دەركردووە و بە شێت و گێل وەسفی كردووم، تەنیا لەبەر ئەوەی كە بەهۆی ئازاری پشتمەوە نەمتوانی كەلوپەلەكانی هەڵگرم، چونكە كەلوپەلەكانی ئەو زۆر قورس بوون و منیش پزیشكان داوایان لێكردووم كە لەبەر پشتم كەلوپەلی قورس هەڵنەگرم، بەڵام شارۆن ئەمەی لەبەر چاو نەگرت و گوێی پێ نەدام و كاتێك من كەلوپەلەكانیم هەڵنەگرت، بە شێت و گێل وەسفی كردم، بۆیە منیش لە دادگا داوای مافی خۆمی لێدەكەم.




# گاگا بەردەوامە لە سەركێشییەكانی

گۆارنیبێژی ئەمریكی (لەیدی گاگا) هەمیشە بەوە ناسراوە كە كاری سەیر و سەمەرە و سەرنجڕاكێش ئەنجام دەدات، زۆر جاریش بە گۆرانی و جلوبەرگەكانی دەبێتە مانشێتی رۆژنامە و گۆڤارەكان.

ئەم جارەیان گاگا دوای برینداربوونی رانی كورسییەكی زێڕی عەیار ٢٤ ی كڕی تەنیا بۆ ئەوەی بتوانێت بە جوانی دانیشێت، سەرچاوەكانی هەواڵ رایانگەیاند: گاگا ئەم كورسییەی كڕیوە بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی هاتوچۆ بكات تا ئەو كاتەی بە تەواوی چاك دەبێتەوە.

رۆژنامەی (زە سەن)ی بەریتانی بڵاویكردەوە: ئەم كورسییە بە پێستی رەش داپۆشراوە و چەترێكی هەیە بۆ پاراستنی لە تیشكی خۆر و دەتوانرێت بە ئاسانی بگوازرێتەوە، تەنانەت گاگا دەتوانێت لەسەر كورسییەكە پاڵ بكەوێت، رۆژنامەكە ئەوەشی ئاشكرا كرد كە گاگا داوای لە (كین بۆرۆشوف)ی دیزاینەر كردبوو، كورسییەكی لەو شێوەی بۆ دروست بكات، بۆرۆشوڤیش لەلایەن خۆیەوە رایگەیاند: هەست بە خۆشییەكی زۆر دەكەم بۆ دروستكردنی دیزاینێك كە شایەنی ئەم شاژنە بێت.

لە مانگی رابردوو گاگا نەشتەرگەرییەكی بۆ رانی ئەنجامدا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی گەشتێكی هونەری خۆی دوابخات.




# شین کۆنری بە ڕێکەوت هاتە نێو بواری نواندن

ئەگەرچی شانشینی یەکگرتوو لە ڕێزلێنان و خەڵاتکردن و نازناوی بەرزی وەك سێر و خەڵاتی سوارچاکی شاژنە ئەلیزابێسی دووەم خزمەتی زۆری پێشکەش بە ئەکتەری ناوداری جیهانی (شین کۆنری) کرد، بەڵام ئەمانە هەموویان نەبوونە هۆکاری ئەوەی کۆنری پشتگیری خۆی بۆ سەربەخۆیی سکۆتلەندا دەرنەبڕێت. شین کۆنری ساڵی ١٩٣٠ لە خانەوادەیەکی هەژار لە دایکبووە، بۆیە ئازاری زۆری لە ژیاندا چەشتووە و ناچار بووە لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا واز لە خوێندن بهێنێت، لە ژیانی خۆیدا زۆر کاری جیاجیای ئەنجامداوە، لەوانەش، کرێکاری و شووشتنی مردووان، بەڵام شین کۆنری بە شانازییەوە باس لەو کارانە دەکات و دەڵێت: «ڕەنگە زۆر کەس هەبن، شەرم بکەن باس لە رابردووی خۆیان بکەن، بەڵام من بە شانازییەوە باسی دەکەم، چونکە ئەمە وای لە من کردووە، ببمە خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و بتوانم ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی ژیان ببمەوە».

کۆنری دەربارەی هاتنی بۆ نێو دنیای نواندن دەڵێ: «ئەوەی ڕاستی بێت، من بە ڕێکەوت هاتمە نێو دنیای نواندنەوە، سەرەتا لە شانۆگەرییەکدا بەناوی (خوارووی هێمن) ڕۆڵێکی لاوەکییان پێشکەش کردم، ئەوەش بۆ من تاقیکردنەوەیەکی زۆر گرنگ بوو، چونکە سەرکەوتوو بووم و وای لێهات چەندین ڕۆڵی دیکەم پێ سپێردرا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە من نواندن بکەم بە کاری خۆم و بەردەوام بم لەو بوارە، تا گەیشتمە ئەو ئاستەی ئێستا.

جێگای سەرنجە کە کۆنری ئەندامی پارتی نیشیمانی سکۆتلەندییە و لە ساڵی (٢٠٠١)ەوە پاڵپشتی هەوڵەکانی جیابوونەوەی سکۆتلەندا دەکات، لە ساڵی ٢٠٠٣ تائێستا سکۆتلەندای جێهێشتووە و سوێندی خواردووە، ناگەڕێتەوە تا وڵاتەکەی سەربەخۆیی بەدەست نەهێنێت.

## ئیبراهیم تاتلّیساس:

# هەموو ژیانم بە هونەر بەخشی و لە بری پاداشت ئازاریان دام

**دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر ئەو هێرشەی کە لە شاری ئیستەنبوڵ کرایە سەر ئیمپراتۆری گۆرانیی تورکی (ئیبراهیم تاتلّیساس)، بۆ یەکەم جار تاتلّیساس دڵی خۆی بۆ میدیای وڵاتەکەی دەکاتەوە و دەڵێت: «هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم، رۆژگار وا غەدار بێ لە گۆرانی و موزیک و جوانی دوورم بخاتەوە».**

لەو لێدوانەیدا بۆ میدیاکان (تاتلّیساس) جەخت لەوە دەکاتەوە هەموو ژیانی خۆی پێشکەش بە هونەر کردووە، هەموو هەوڵێکیشی لە نێو گۆرانی و موزیکدا بۆ نوێگەریی و داهێنان بووە، تەنانەت تیشک دەخاتە سەر ئازارەکانی لە ئیستەنبوڵ و دەڵێت: «هیچ کات بیرم لەوە نەکردووەتەوە کە ئازاری کەس بدەم، یان کەسانێك لەسەر دەستی من تووشی ئازار و دڵشکان ببنەوە، بەڵام خەڵکی ئەو شارە هەمیشە هەوڵیاندا کە ئەزموونی چەند ساڵەی منی هونەرمەند بسڕنەوە، لە کاتێکدا کە من عاشق بووم بەوەی هونەری ئەو وڵاتە بەرەو پێشتر ببەم، شەو و رۆژم خستبووە سەر یەك بۆ دروست کردنی کەشێکی هونەری لە ئیستەنبوڵ، بەڵام دیارە ئەوان لە خۆشەویستی و عەشقی من تێنەگەیشتن کە چەندە پەرۆش بووم بۆ هونەر،

لای کەسانێك تەنیا بیناکاریی و شارەوانی ئاوەدانیی ئەو شارە بوون، بەڵام من پێموابوو هونەر زیاتر لە هەمووان دەتوانێت خزمەت بە ئەو شارە بکات».

**رقم لە کەس نییە**


سەرەڕای هەموو ئازارەکانی، بەڵام تاتلّیساس لە دڵی خۆیدا وشەی رق و کینەی رەش کردووەتەوە، بە ئەندازەیەك کە هەموو ئەوانەی کە ئازاریان داوە، گەردنیان ئازاد دەکات و لەوبارەیەشەوە دەڵێت: «خۆزگە ئەو ساتانەی کە لە نەخۆشخانە بووم، خودا رۆحی لێم سەندبا، نەوەك بەو رۆژە سەختە گەیشتبام».

**کە لە هونەر دابڕام چی لە ڤێلا و هوتێلی جوان بکەم**

ئەمە بەشێکی دیکەی قسەکانی ئەو هونەرمەندە بوو، کاتێك کە بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە دەیگوت: «ئێستا خاوەنی باڵەخانە و هوتێلی جوان و ڤێلای گەورەم، بەڵام من هەرگیز خۆشبەختیی خۆم لەو شتانەدا نابینمەوە، چونکە لای من جوانترین و خۆشەویسترین شت بەردەوامبوون بوو لە گۆرانی، تەنانەت هەمیشە خۆم وەك ماسییەك دەبینی کە بەبێ ئاو نەتوانێت لە دەریادا بژی، منیش کە دووربم لە هونەر، پێموایە ژیان هیچ نرخێکی بۆ من نامێنێت».

**تا دوا هەناسە لە ئیزمیر دەمێنمەوە!**

تاتلّیساس فرمێسکە گەرمەکانی بەخوڕ دەهاتنە خوار و لەبەر خۆشیەوە دەیگوت: «لە شوێنێك ئازار درای چۆن دەتوانیت بگەڕێیتەوە، ئەوان کە حەسرەتیان بە شکستەکانی ژیانم دەخواست و رۆژانەش بەربەستیان بۆ دروست دەکردم بۆ ئەوەی لە کارەکانم دوور بکەومەوە، تا ئەو رۆژەی کە هێرش کرایە سەرم و بەو شێوەیە لە ناخەوە ئازاریان دام و نەك تەنیا لە دەنگ و گۆرانی دووریان خستمەوە، بەڵکو ئازاری جەستەشم درا و بووم بە کەسێکی خاوەن پێداویستی تایبەت، کە ئەمە هەرگیز بە رەوای نابینم کەسانێك هێندە رقئەستوور بن بەرامبەر هونەرمەندێکی گەورەی وڵاتەکەیان، ئەوەش وایکرد بگەمە ئەو



بڕیارەی کە دوورگەیەکی ئارام بۆ ژیان بدۆزمەوە و تا دوا ساتەکانی تەمەن لە ئیزمیر بمێنمەوە، چونکە لەوێ هەست بە ئارامی و خۆشەویستیەکی زۆری خەڵکەکەی دەکەم.

**دوعاکانی خەڵك و فەزڵی خودا بوو منیان لە ژیاندا هێشتەوە!**

لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد، کە کاتێك لە ناوچەی شیشلی بریندار کرا، نوژدارانی نەخۆشخانەی (ئاجی بادەم)، پێیانوابوو، تەنیا ٢٤ کاتژمێری تر لە ژیان دەمێنێتەوە، بەڵام ئەو پێیوایە، کە تەنیا دوعا و فەزڵ و گەورەیی خودا جارێکی تر ژیانی پێبەخشییەوە و لەو سۆنگەوەش دەڵێت: «خۆزگە لە کاتی ئەو هێرشە دڵڕەقانەی کە کرایە سەرم بمردبام، نەوەك لەو حاڵەی ئێستا بژایابام، چونکە ژیان بۆ من ئێستا هەموو رۆژێکی مردنێکە، تەنانەت هەمیشە مردن لە دوورەوە خۆی نیشانم دەدات، چونکە وەك ئاماژەم پێداوە، من بەبێ گۆرانی و موزیك لە ژیان، هیچ مانایەکم بۆ خۆشبەختی نامێنێتەوە».

**جارێکی تر خۆم کاندید دەکەم**

لە کۆتا قسەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە جارێکی دیکە لەسەر شارەوانی ئیزمیر بەنیازە خۆی کاندید بکاتەوە و دەیەوێ لە دوا وێستگەکانی ژیانیدا کاروانی هونەری بگوازێتەوە بۆ کاری سیاسی و خزمەت بە هاوولاتیانی ئەو شارە، کە وەك خۆی دەڵێت: «ئەو خەڵکە دەمێکە خەون بە ئاوەدانی و جوانیی ئەو ناوچەیەوە دەبینن و منیش لە روانگەی گەشانەوە و جوانییەوە ئەزموونێکی بەرچاوم هەیە، دەشمەوێ ئەوەندەی کە تەمەنم ماوە، خزمەت بەو شارە بکەم، کە بووەتە شوێنی حەوانەوە و ئارامی بۆ منی هونەرمەند.»